www.kurdistannet.org
28-1-2006 9:39بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەگبەی بەتـــــــاڵ ... دلێر محمود سابیر

بڕواتان بێ كەس بە قەدەر بۆتینی پێ ناخۆش نەبوو كە دكتۆر كەمالی سەید قادر بەربوو، چونكە ئەو ئێستا مساویە بە هیـــــــــچ، نازانن چۆن كێچ كەوتە كەوڵی كە یەكەم ساتی بەربوونی بیست چۆن مەوقیفی تێك چوو سەدو هەشتا دەرەجە، ئیتر دەست بە جێ كەوتە پەلەقاژێی ئەوەی بە هەر فرو فێڵێك بێت هەوڵی ئەوەی دا دەستی بیگاتێ و دەمە تەقێیەكی لە گەڵ ئەنجام بدات، ئەوە بوو كە لە ناو ژوورێكی ئاسایشی هەولێردا لە ناو جەرگەی هێزی ئەمنییەتی ئەو پارتەی كە زیاتر لە سێ مانگە بە ڕاست و چەپدا بە ووردو درشتیدا ئەرشێنەوە و ناهەقی و كوێرانە و بێ بەڵگە هەموو هێڵە سوورەكانی ڕێز گرتنیان بەزاندووە، كەچی خواستەكانی ناوبراو پێچەوانەی ئەو وەڵامانە بوو كە دكتۆر وەڵامی ئەدایەوە، بە جۆرێك ئەوەی بە سێ مانگ بۆی كرد لە هەڵاو هۆرەو بگرەو بەردەو بابۆ بابۆ هەمووی لە مۆخی پووتی پۆتیندا بە سلبی مایەوە كە وەك هەر هیچی نەكردبێ و لە هەوەڵیشەوە ئەو كێشەیە بەردێكی گەورەی سەرنایە باشتر بوو هیچ نەبێ ئاوی سەرو چاوی ئەمایەوە بۆ كاتی شەرمەزاری، بەڵام وەك ئەڵێن مردن نەماوە، ئەوەی ئەو خواستی بوو تێك ترشان و هەڵوەشاندنی هەموو ئەو پرنسیپە گرنگانەیە كە ئەمڕۆ بۆ هەل و مەرجی ئەمرۆش ئەبوایە خەڵكی پەیوەست بوونایە بەرانبەری وەك یەكگرتنەوەی دوو ئیدارەكە و دروست كردنی كابینەی یەكگرتووی حكومەتی هەرێم و هەنگاونان بۆ دیموكراتیزە كردنی كوردستان هەموو نیازە گڵاوەكانی پشت پەردەی پۆتین كەوتە ڕوو و ئەو كێشەیە نەما، ئەو ئەیویست (علی اساس) وەك كەسێكی ئازاد داكۆكی لە تاكی كورد بكات چونكە دیار بوو ئەو كێشەیەی دكتۆری بۆ مەبەستی گەورەتر خولقان و ئەیویست پرەوی پێ بدات و زۆرترین كەس ڕاكێشێ بۆ مسۆگەر كردنی مەرامە گڵاوەكەی كە دكتۆر بە دەمی خۆی مەبەستەكەی پێكاو ووتی كە شتی گەورەتری لە دواوە بوو، كە بێ گومان بە بەربوونی دكتۆر ئەو مەرامەش گۆڕنرا و پۆتینیش كە شەقەی باڵی كۆترە سپیەكەی بەرەو مانگ ئەچوو زۆر بە نزمی لە تەویلەكەی كۆمەڵگای كوردستاندا نیشتەوە، پۆتین بۆ یەكجاری ڕیسوا بوو و پیلانەكەی سەری نەگرت و هیچ لە جوعبەی دا نەماوە و ئەوانەشی شەرمەزار كرد كە دانی بۆ ڕۆ كردبوون تا دەمیان بكاتەوەو بۆ شێوەیەك لە شێوەكان سەغڵەمی و بێزاری كێشەی ناوخۆی و بێ پارەیی و بەتاڵی خۆیان شان بە شان لە گەڵیا تەپڵ لێ دەن، ئەوەی پۆتین داوای ئەكرد لە دكتۆرو ئەیویست وەڵامەكەی ئیجابی بێت. دكتۆر زوو هەڵوێستەی لە سەر ئەكردو وەك لە جێی سنگدان قوزالقورتێك بێ وەڵامەكەی ئەدایەوە بە گوێی ئەودا، بۆ نموونە كاتێك كە دەنگی چەند كەسێك ئەهات وە ژوورەی كە دكتۆری لێ دانیشتبوو، ئەم كێچ كەوتە كەوڵی بە بیانووی ئەوەی كە لەوە ئەچێ لەو ژوورە داركاری دكتۆر بكەن كە ئەو مەبەستی بوو وابێ، كەچی دتۆر ئەیووت:كە ئەو بەرێزانە ئیشی خۆیان هەیە و كەس عیلاقەی بە منەوە نیە و من بە ئازادی قسەی خۆم ئەكەم و ناترسم چونكە من هیچ گوشارێكم لە سەر نیە، بەڵام پۆتین حەزی بەو وەڵامە نەكرد و زۆرتر ئەیویست دكتۆر پێی بڵێ كە ڕێگەم پێ نادەن یان لێم ئەدەن یان شتێك بڵێ وەك گرفتێك كە بیكا بە بەڵگە بۆ هەراو هوریا بەلاش و بە فیڕۆ چووەكەی، پۆتین كە هەرچەندە بەرنامەی نەماوە لە سەر دكتۆر كەچی هەر كۆڵ نادات و خولیای دوو ووشەی بە سوودە تا درێژە بە بەرنامە دیاری كراوەكەی بدات بۆ شێواندنی ڕووی ڕاستی كێشەكەو لە لایەكی تریشەوە شێواندنی هەموو

دەستکەوت و هەنگاوێکی پیرۆز کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە، جا بۆیە بە داخەوە ئەوەی پێی وترا بوو جێ بەجێی بکات بۆی نەچووە سەر کە حەتمەن تووشی نەخۆشیەکی دەروونی سەخت و کوشندەی ئەکات و ئەو دەعم و یارمەتیەشی لێ ئەبڕن کە گفتیان پێ دابوو بیدەنێ چونکە لە تێکدانی کۆمەڵگەی کوردستاندا فەشەلی هێنا و پۆتینی کورتە باڵا ئەوەندەی تر بە ناخی عەرزا داچوو، ئەم ماستاوو مەراییە وسنگ لە عەرز خشاندنە تاکەی؟ کە خاوەنی کێشەکە کۆڵی داوەو بە دەمی خۆر ئەڵێ: من بە ڕەسمی داوای لێ بووردنم لەو کەسانە کردووە کە من لە نووسینەکانما ناووم هێناون!! (یا للعجب) !! کە دان نان بە هەڵەدا نیشانەی گەورەیی وپیاوەتیە نەك چۆك دادان، دکتۆر توانی لای نەیارانی خۆی ئەو سەربەرزیە بۆ خۆی تۆمار بکات و خۆی لە تیرو توانج و سوکایەتی کەسانی وەك پۆتین بپارێزێ و هەرچەندە خۆی ئەڵێ وەك خۆزگەیەك کە ئەو بابەتانەی بەو شێوەیە بڵاو نەکردایەتەوە کەچی ملکەچی ناوبژیوان (ئەوە ئەگەر ناوبژیوانیش بێ) کۆڵ ناداو واز ناهێنێ دیارە پێی ووتراوە بڕێکی تریش هەوڵ بدە تا باقی پارەکەی تری وەر ئەگرێ بۆ ئەنجامدانی پیلانەکەی، ڕۆژگار بە ڕێوەیە کە دکتۆر خۆی بێتە سەر پاڵتاك وسیمینارێك بگرێت و تەواوی ڕاستیەکان والا بکات و کێشەکەی خۆی بە تەواوی داخات و هەموو ئەو ڕێگا چەوتانەتان بۆ ڕاست بکاتەوە کە بەر چاوی تاریك کردوون!! ئەوسا ئەبێ تۆ هیچ بابەتێکت نەبێ لەوە زیاترو واز لەو جۆرە خەباتە بێنە نانی لێ ناخورێ!!!!؟